
# جەستەم سەعاتی لمینە

هیوا قادر
(سلێمانی)

پێش ئەوەی بە پاژنەهەڵکێشەکە پێڵاوەکانم لەپێ بکەم
وەک زیخێکی پەڕیو دێتە ناو پێڵاوەکانمەوە،
بەر لەوەی دەرگاکە دابخەم
دەچێتە ناو دەستەی کلیلەکانی گیرفانمەوە،
مەرگ لە هەموو جێیەکە
مەرگ لە قسەکان و مۆسیقاکان و قوڕگەکاندایە،
دەڵێی هێلکەی کوکوختییە
کە بەسەر پووشی هێلانەیەکی نیوەناچڵەوە
ناوەستێت و دەکەوێتە خوارەوە.

مەرگ چواردەوری گرتووم
وەک سێبەر سوکوسۆڵ بە پاڵمدا ڕێ دەکات
چەند گوێم لە تەپەی پێی سێبەرە
ئەوەندەش لە دەنگی قاپقاپەکانی مەرگ،
مەرگ باڵی نییە و دەفڕێت
قاچی نییە و دەڕوات
مەلە نازانێت و دەریاکان دەبڕێت
سەحراکان تەی دەکات و تینوو نابێت
کێوەکان دەبڕێ و لە بەرزی دەترسێت.
مەرگ ئابلۆقەی داوم، ئابلۆقەی داوم مەرگ،
تیری لە کەوان دەرچووی مردن لە دڵم دەچەقێت
ئاهی گەرمی ناو سینەم سارد دەکاتەوە،
پیتێک دەخاتە سەر زمانم کە پێشتر لە ئەلف و
بێی زمانەکاندا نەبووە،
بۆنی کزەی مۆمێکم لێ دێت با کوژاندبێتییەوە،
بۆنی دووکەڵێک کە هێشتا لە نزیکەوە ئاگری نەدیوە.

مردن وەک مێروولە تێیداوم



بێ ئەوەی گەردێک شەکرم پێ بێت، ژیان خۆی
نەبێت،
وەک یارێک ئاشتم کاتەوە، دەستم توند دەگوشێت
وەک نەیارێکیش لە خەرەندێکەوە پاڵم پێوە
دەنێت.
هەموان دەمرن و کەس ناگەڕێتەوە، مژدانەی
ئایینەکان نەبێت،
بەهەشت، درۆی ئاشتبوونەوەی ژیانە لەگەڵ مردن
دۆزەخ، درۆی چاکنەبوونەوەی دڵشکانە لەگەڵ ژیان.

مردن هەم کوێرە و هەم چاوساغ
هەم کەڕە و هەم لاڵە و قرپوقوپ بێ وەڵام،
مردن بە پیری مرۆڤ کرمۆڵ دەکات
بۆ ئەوەی ئاسان قرچەی لێوەبێت،
دەیکات بە پووشێک بیری چووبێتەوە
ڕۆژێک لە ڕۆژان نامەی هاتنی بەهاری پێ بووە.

مردن بەر دەرگای لێ گرتووم
بێ ئەوەی پێویستی بە هاتنە ژوورەوە بێت،
مەرگ دەوروپێچی داوم،
کە مردن دەچێتە پێش وشەی مانا، بێ مانای دەکات
دەچێتە پێش وشەی جوان، ناشیرینی دەکات
دەچێتە پێش ڕەنگی سپی، ڕەشی دەکات
دەچێتە پێش هەموو خۆشییەک، ناخۆشی دەکات،
وەک گوللەی وێڵ دڵم دەسمێ، مردن
وەک لافاو سەردەکات و تەپاوتل دەمبات لەگەڵ خۆی،
وەک ئاگر گاڵتە بە دووکەڵەکەم دەکات
وەک با چاوم پڕ دەکات لە خۆڵ،
مردن لە کێڵگەیەکدا دەمچێنێت کە سەوز نابم
ئەگەر مرۆڤ تۆو بووایە بە ناشتنی ئەو هەموو مرۆڤە
گەردوون دەبوو بە دارستانێکی چڕ،
مردن بە دەم و دانی ژیان دەمکرۆژێت
چونکە خۆی دەم و دانی نییە،

دەمداتە دەست بیرچوونەوە، چونکە خۆی
یادەوەریی نییە.
مردن ئەو ناهەقییەیە کە ناحەقی، بە حەق دەکات.
ئەو پرسیارە لێوبەبار و وشکەیە
هیچ وەڵامێک تینوویەتی ناشکێنێت خۆی نەبێت.

٢٠٢٦/٣/١٤